**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان-عێراق

"توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەهەرێمی کوردستان"[1]

Political confidence of the Parliament of the Kurdistan Region of Iraq

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر صالح عمر عیسی**

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

**مامۆستا بارزان جوهر صادق**

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٩/٣/٧

القبول: ٢٠١٩/٣/٢٥

النشر: ربيع ٢٠١٩

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.4.2.1

**الكلمات المفتاحية:**

**الملخص**

بەهۆی ئەوەی سیستەمی سیاسی پرۆسەیەکی هەماهەنگی نێوان خەڵك و دەسەڵاتە، متمانەی هاوڵاتیان بەیەکەکانی سیستم گرنگی سەرەکی هەیە. لەکاتێکدا حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان زیاتر لەچارگە سەدەیەکی تێپەڕاندووە، بەپێی بیروڕای شارەزایانی بواری متمانەی سیاسی دەکرێت پێوانەی متمانەی سیاسی بۆ هەریەك لەیەکەکانی سیستمی سیاسی بکرێت. ڕووداوە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم لەو ماوەیەدا ڕۆڵیان هەبووە لەگۆڕانی متمانەی سیاسی هاوڵاتیان بە پەرلەمانی کوردستان و ئەمە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنی

[1] ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە دکتۆرانامەی توێژەر ( م. بارزان جوهر صادق) بەناونیشانی ( متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراق). بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. صالح عمر عیسی) لەبەشی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کە وەکو بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لێی هەڵێنجراوە و بڵاوکراوەتەوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*Political trust, Kurdistan Parliament, decline of political trust.*

توێژینەوەکەیە.

هــەردوو گــۆڕاوی توێژنەوەکــە لــەتوێی دووبەشــدا شیکاریان بۆ کراوە، بەشێوەیەك لەبەشی یەکەمدا باسی هەردوو چەمکی سەرەکی توێژینەوەکەمان کردووە و لەبەشی دووەمدا دوای ئەوەی میتۆد و رێکارە مەیدانیەکانی نیشاندراوە، شیکاری بۆ ئەنجامە مەیدانیەکان کردووە و دواتر تێکەڵی چاوپێکەوتنی دەستەبژێری کــردوون و لەکۆتایشــدا دەرئــەنجام، پێشــنیار و راسپاردەکان خراوەتەڕوو.

دەرئەنجامــەکان نیشــانی دەدەن کەخــەڵکی هــەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر کەم متمانەی سیاسیان بە پەرلەمانی کوردستان هەیە. لەرۆژی دوای هەڵبژاردنەوە ئەم پەرلەمانتارانە دەبنە داکۆکیکاری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و پارتەکەیان نەوەکو کۆمەڵگە بەگشتی ئەمەش وایکردووە کە لەهەرێمی کوردستان ئەم دەستگایە تەنها جێگەی متمانەی کەمی هاولاتیان بێت. ئامارەکانی راپرسیەکەمان پێمان دەڵێن پارتی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و تەندروست نەبووە لەپەرلەمان و هەژموونی بەهێزی پارتە سیاسیەکان لەسەر پەرلەمان و لاوازی ئەدای پەرلەمانتارەکان بەهۆی کۆتوبەندی بەهێزی پارتەکەیان لەسەری لەلایەك و بێ هێزی دامەزراوەکە لەدەرکردنی یاسای نوێ و بێ توانایی لەچاودێری دەسەڵاتەکانی تر لەلایەکی تر گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە وایکردووە خەڵك متمانەی لاوازی بە پەرلەمانی کوردستان هەبێت.

توێژینەوەکە پێشنیار دەکات کە لەقۆناغەکانی سەرەتای پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە کار لەسەر بونیادنانەوەی متمانەی سیاسی بکرێت. لەلایەکی ترەوە. حکومەت بایەخ بە پێوانی متمانەی سیاسی بدات و کۆنفرانسی ساڵانە ئەنجام بدرێت بۆ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆزینەوەی لاوازی متمانە و پێشنیار بۆ بەرزکردنەوەی متمانە. ئەندامانی پەرلەمان بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرن و چاودێری توند لەسەر میدیا دابنرێت و رێگری بکرێت لەهەواڵی ساختە و ناوزڕاندن، چونکە گەورەترین هەڕەشەن لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی.

## پێشەکی

بەهۆی ئەوەی سیستمی سیاسی پرۆسەیەکی هەماهەنگی نێوان خەڵك و دەسەڵاتە، متمانەی هاوڵاتیان بەیەکەکانی سیستم گرنگی سەرەکی هەیە. لەکاتێکدا حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان زیاتر لەچارەگە سەدەیەکی تێپەڕاندووە، بەپێی بیروڕای شارەزایانی بواری متمانەی سیاسی دەکرێت پێوانەی متمانەی سیاسی بۆ هەریەك لەیەکەکانی سیستمی سیاسی بکرێت. رووداوە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم لەو ماوەیەدا رۆڵیان هەبووە لەگۆڕانی متمانەی سیاسی هاوڵاتیان بە پەرلەمانی کوردستان و ئەمە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنی توێژینەوەکەیە.

هەردوو گۆڕاوی توێژنەوەکە لەتوێی دووبەشدا شیکاریان بۆ کراوە، بەشێوەیەك لەبەشی یەکەمدا باسی هەردوو چەمکی سەرەکی توێژینەوەکەمان کردووە و لەبەشی دووەمدا دوای ئەوەی میتۆد و رێکارە مەیدانیەکانی نیشاندراوە، شیکاری بۆ ئەنجامە مەیدانیەکان کردووە و دواتر تێکەڵی چاوپێکەوتنی دەستەبژێری کردوون و لەکۆتایشدا دەرئەنجام، پێشنیار و راسپاردەکان خراونەتەڕوو. توێژەر لەسەرەتاوە چەند پرسیارێکی لەلا گەڵاڵە بوو و دواتر لەئەنجامی خوێندنەوەی کێشەکە گریمانەی دارِشت و لەرێگەی میتۆدی زانستیەوە هەوڵی سەلماندنی گریمانەکانیدا بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم/ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

ئایا ئەدای خراپی پەرلەمانتارەکان و دەسەڵاتی یاسادانان کاریگەری هەبووە لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی هاوڵاتیان بەپەرلەمانی کوردستان؟ متمانەی خەڵك بە پەرلەمانتاران و پەرلەمان بەگشتی لەچ ئاستێکە؟ ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن و ئابووری تاکەکان بۆ متمانەکردن بەپەرلەمانی کوردستان؟

### دووەم/ گریمانەکانی توێژینەوەکە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەدای خراپی پەرلەمانتاران و لاوازی ئەم دەستگایە لەدەرکردنی یاسا، چاودێری حکومەت و ڕێگری لەنادادپەروەری بەهۆی هەژموونی پارتە سیاسیەکانەوە وایکردووە خەڵك متمانەی لاوازبێت بەپەرلەمان بە جیاوازیەکی کەم لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵك.

**سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر ئامانجیەتی بزانێت متمانەی سیاسی بە پەرلەمانی کوردستان لەچ ئاستێکە و ڕێژەی متمانەی سیاسی دیاری بکات بەشێوەیەکی زانستیانە. دواتر، گرفتەکانی بێ متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان بزانێت و پێشنیاری دووبارە بونیادنانەوەی متمانە بکات.

## بەشی یەکەم
## ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم/ متمانەی سیاسی**

**یەکەم/ زاراوەی متمانەی سیاسی**

سەبارەت بە زاراوەی "متمانە" لەزمانی کوردی لێکۆڵینەوەمان کرد، دوو رای جیاوازمان هاتەپێش. بەشێك پێیان وابوو کە لەزاراوەی عەرەبی "مطمئنە" وەرگیراوە کە هاو واتاکانی ئیتمینان، بڕوا، باوەڕ، بەقا و ثقەیە (نانەوازادە، 2018). رایەکەی تر لای وابوو کە جگە لەوەی لەعەرەبی ئەمە بەواتای ئاسودەبوون و دڵنیایی دێت "مطمئن"، بەڵام رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فارسیەکە کە بە"مطمئنا"و "موتمەئیننەن" بەکارهاتووە (عەلی، 2018). فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەمان رای دووەم پشت ڕاست دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە سەر فارسیەکە "متمانە: بڕوایی، خاتر جەمی (من متمانەت پێ دەکەم)، اطمینان" (هەژار، 1950، ل800). هەردوو رای سەرەوە لەیەکتر نزیکن. بەگوێرەی ئەم رایانە بێت کورد زاراوەی "متمانە"ی لە موتمەئینە و مطمئنەوە وەرگرتووە و وردە وردە زاراوەکە لەسەر زاران گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەتاوەکو بۆتە "متمانە". بەهەمان شێوە لەناو کورددا ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ دڵنیابوون، بڕواو باوەڕبوون بەکەسێك یان لایەنێك.

لەرووی زاراوەوە، چەندین زاراوەی تری نزیك لە متمانە بەکاردێت، چونکە بەبڕوای کینز نیوتن (Kenneth Newton) متمانە چەمکێکی گشتگیر نیە و چەندین زاراوەی هاوشێوەی هەیە وەکو

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(هاوكاری Mutuality، هاوسۆزی Empathy، چاكەی بەرامبەر Reciprocity، ڕێز Respect، هەستی برایانە Fraternity و...هتد)(Newton, 2001a, P.3).

لەلایەكی ترەوە، چەندین زاراوەی تری ئینگلیزی نزیك یان هاوشێوەی متمانە هەن وەكو باوەڕ (Faith) یان بڕوابوون ( Belief). چەمكێكی تر هەیە كە زۆر جار لەجیاتی متمانە بەكاردێت و زۆر تێكەڵیەتی ئەویش لەزمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت (Confidence). بۆ نموونە نیوتن كەخۆی یەكێك لەتوێژەرەكانی ئەم بوارەیە خۆی لەتوێژینەوەیەك بە (Confidence) و لەیەكێكی تر بە (Trust) بەكاری هێناوە بۆ یەك مانا (See Newton 2001a and Newton & Norris 1999). كەچی هەردوو ووشەكە لەزمانی عەرەبی بەمانای (الثقة) دێت، بەڵام لەزمانی كوردی جیاوازە بۆ یەكەمیان (ئەسپاردە) و بۆ دووەمیان (متمانە) بەكاردێت.

## دووەم/ مێژوو و چەمكی متمانەی سیاسی

فەیلەسوفە سیاسیەكان لەپێش زایینەوە باس و خواسیان لەسەر متمانەی سیاسی هەبووە. ئەفلاتۆن لە گفتوگۆكانی لەگەڵ پرۆتاگۆراس و سیۆدۆسیس لەپەراوێزی جەنگی بیلوبونیسی پرسیاری ئەوە دەخاتەڕوو كە بۆچی متمانەی سیاسی ئەوەندە گرنگە بۆ كۆمەڵگەی سیاسی؟ سیۆدۆسیس بۆ چارەسەری كێشەكە پێی وابووە كە متمانە سەنتەری دیاریكردنی جۆریەتی دیمۆكراسی سیاسیە لەبەرئەوەی ئەندامەكان بەشداردەبن لەبڕیارەكان بۆ بەرژەوەندی گشتی. دواتر متمانەی سیاسی لەكتێبی كۆماری ئەفلاتۆن زیاتر زەق دەبێتەوە و ئەفلاتۆن پێی وایە دەوڵەتی نموونەیی (میثالي) دادەمەزرێت لەسەر بنەمای متمانە (See Mundy, 2007, P. 13). دواتر لە قۆناغی مۆدێرنیتە و رۆشنگەری لەلایەن هۆبز و لۆك رۆسۆوە بایەخی زیاتری پێدراوە.

توێژەرەكانی بواری متمانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ئەدەبیاتی متمانەی سیاسی هاوچەرخ و لێكۆڵینەوە لەمتمانەی سیاسی و بایەخدانی تایبەت بەو بوارە بۆ كۆتایی شەستەكانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە (See Arancibia, 2008, P. 6, See Mundy, 2007, P. 17). پێیان وایە لەدوای لێكۆڵینەوەكانی فەیلەسوفی ئەمریكی تالكۆت پارسۆنز (Talcott Parsons) دێت لەبوارەكانی رەفتارگەرایی، كۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەكان (خلیل، محمد و جوزل، 2017، ل153). دواتریش كارەكانی دەیقد ئیستنیش برەوی زیاتر بەم چەمكە درا لەمیانی باسكردنی چەمكی پشتگیری سیاسی (See Arancibia, 2008, P.6).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرهەنگی مەریەم ویبستر بەکارهێنانی یەکەم جاری ووشەکە (Trust) دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی چواردەهەم و پێی وایە متمانە واتای باوەڕبوونی هەندێك کەس دەدات بەکەسانی تر یان هەندێك شت کە باش، دەستپاك و کاریگەرن (Merriam Webster Dictionary, Online). هەر هەمان فەرهەنگ لەچاپی نوێدا ناساندوویەتی بەباوەڕیەك کەگەڵاڵە دەبێت لەلایەن کەسێك یان کۆمەڵێك لەئەنجامی بەرپرسیاریەتیەکی دڵسۆزانەو راستگۆیانە لەلایەن لایەنێك یان دامەزراوەیەك (see Teritt, 2002, P. 6). لەلایەکی ترەوە، متمانە تەنها تایبەت نیە بەسیاسەت، بەڵکو لەنێو چەندین پێکهاتەی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە (Khodyakov, 2007, P. 115).

متمانەی سیاسی گوزارشتە لەدەربڕینێکی زارەکی و نازارەکی وەکو ووتار یان ئاماژەی جەستەیی (Mizrachi, Anspach, and Drori, 2007, P. 146)، کارەکتەرێکی تایبەتمەند نیە، بەڵکو وەڵامێکە بۆ بارێك، مەعریفەیەك یان ئەزموونێك (Secor and O'Loughlin, 2005, P. 69)و فێربوونێکی رەفتارییە لەکاردانەوەیەکی دەرەکی یان حوکمدان لەسەر بارودۆخێك دێتەکایەوە (Hutchison, 2011. P. 440, See Levi and Stoker, 2000, P. 476). هیسرینگتن (Hetherington) دەڵێ "متمانەی سیاسی بریتیە لەمتمانەی تاکەکەسی بۆ دامەزراوەکانی حکومی لەسەر بنەمای چاوەڕوانی لەئەدای دامەزراوەکان" (Hutchison, 2011. P. 439) و بریارێکی چارەنوسساز و یەکلاکەرەوەیە لەبەرامبەر بریارێکی سیاسی کرداری، ملکەچی بۆ رێکارەکانی حکومەت و بەشداربوون لەکردارێکی ئەخلاقی مەدەنیانە (Mclaren, 2010, P. 200).

کینز نیوتن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە متمانەی سیاسی گەڵاڵە دەبێت لە ئەنجامی ئەزموون و هەست کردنی خەڵك بە ئەدای سیستمە سیاسییەکانیان و سیاسەتمەدارەکانیان (See Newton, 2001b, P. 211). ئەم توێژەرە پێی وایە کە تیورستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هەر لە تۆماس هۆبزەوە هەتا رۆبێرت بوتنام باوەڕیان وابووە کە متمانەی سیاسی رەگەزێکی سەرەکی و هەستیاری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیە و ئاستی متمانەی سیاسی هەمیشە ئاماژەیەك بووە بۆ رازی بوون یان نە بوون بە جۆری سیاسەتکردنەکە و بۆتە گرفت بۆ فەرمانڕەوایەتی ( Newton, 2001a. P. 4).

بەگشتی دەتوانین بڵێین متمانەی سیاسی گەڵاڵەیەکە لەرێژەی باوەڕی تاکەکان بۆ ئەداو پێشینەی کەسایەتی و دامەزراوەی سیاسی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بەپێوەری هێنانەدی بەڵێنەکان، دادپەروەری، پابەندبوون بە بنەما رەوشتیەکان، کولتوریەکان، ئاینیەکان و یاساییەکان.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**باسی دووەم/ پەرلەمانی کوردستان**

پەرلەمانی کوردستان دەستگایەکی یاسادانان و چاودێرییە و گرنگترین دەستگای دیموکراسی وڵاتە. ئەم دامەزراوەیە لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ شەرعیەتی سیاسی پێدراوە و نوێنەرایەتیان دە کات لەپرۆسەی سیاسی وڵات (بڕوانە عەلائەددین، 2013، ل229). یاساکانی لێرە دەردەچن بەهۆی پرۆژەی پارتە سیاسیەکان بێ یان حکومەت و دەستگاکانی تر کاریگەری دەنوێنن لەسەر ئاراستەی متمانەی سیاسی لەوڵات.

یەکەمین دامەزراوەی فەرمی لەهەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان بوو کە پاڵپشت بە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (1)ی بەرەی کوردستانی ساڵی 1992و بەپەیرەوکردنی سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی، یەکەمین هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدرا لە 1992/5/19 (بڕوانە یاسای ژمارە (1)، 1992، ل 115-130). سەرەڕای بەشداری چەند پارتێکی سیاسی لەهەڵبژاردنەکە و بەدەستهێنانی دەنگ، بەهۆی مەرجی بەدەستهێنانی (7%) بەسەرەوە بۆ بەشداری لەپەرلەمانەکە (بڕوانە عبدالله، 2017، ل412-413، بڕوانە عەلائەددین، 2013، ل59)، تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەکو دوو پارتی سیاسی سەرەکی و گەورەی هەرێمی کوردستان مانەوە لەوکاتە وە تاوەکو ئیستە.

ئەمە یەکەمین ئەزموونی دیموکراسی بوو لەهەرێمی کوردستان و بەبناغەی دروستبوونی سیستمێکی سیاسی دیموکرات دادەنرێت. بەبڕوای چاودێرانی دەرەوەش بۆ هەڵبژاردنەکان، ئەمە تاکە هەڵبژاردنی دیموکراتی بوو کە لەعێراق ئەنجامدرابێت (بڕوانە گالبرێت، 2009، ل232-233، بڕوانە بینگۆ، 2013، ل315).

هەرچەندە بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (1) دەبوو هەر سێ ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ خولەکانی ئەم ئەنجومەنە بکرێت و لەساڵی 1995 دووەمین خولی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، بەڵام بە هۆی شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوو پارتی ناوبراو ئەم هەڵبژاردنە نەکرا و دواتر لەساڵی 1998 رێککە وتنی ئاشتی لەنێوانیان مۆرکرا لەواشنتۆن و بەیەکجاری کۆتایی بەشەڕی نێوانیان هێنرا. هەر لەهەمان ساڵ، یاسای ژمارە (1) هەموارکرایەوە و ماوەی خولەکانی پەرلەمان لە سێ ساڵەوە کرایە چوار ساڵ (بڕوانە عبدالله، 2017، ل413، See Stansfield, 2003, P. 100).

یەکێك لە کاریگەریە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ پەکخستنی دامەزراوەکان بوو لەهەرێمی کوردستان. هەرچەندە پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریاندا بۆ رێگری لەشەڕ و بەردە وامی دەستگاکان، بەڵام لەبەر خراپی بارودۆخەکە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ چوار جاری

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدوای یەك لەساڵەكانی (1995-1996-1998) تەمەنی خۆی درێژ كردەوە. لەدواین درێژكردنەوە بڕیاردرا كە چیتر تەمەنی ئەم خولە درێژ نەكرێتەوە هەتا هەڵبژاردنی گشتی و سەرتاسەری ئەنجام دە درێت لەهەرێمی كوردستان (بڕوانە عبدالله، 2017، ل413-414). لەدوای ساڵی 2002، هەتاوەكو هە ڵبژاردنە گشتیەكانی عێراق لەساڵی 2005، سەرۆكایەتی پەرلەمان بەنۆرە بۆ هەردوو پارتە سەرەكیەكە بوو بەشێوەیەك كە پارتی دیموكراتی كوردستان سێ مانگ و دوو مانگی دواتریش بۆ یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بوو (بڕوانە عەلائەددین، 2013، ل103).

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لەساڵی 2003، ئەم دەستگایە چووە قۆناغێكی دەستووری و بەگوێرەی دەستووری عێراق ماددەی (121) هەرێمی كوردستان و دەستگاكانی بەفەرمی ناسێنران (بڕوانە دەستووری عێراق، 2005، ماددەی 121) و لەوكاتەوە پەرلەمان مۆركێكی دەستووری و دانپێدانراوی لەناوخۆ و دەرەوە وەرگرتووە.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بەشێوەیەكی فەرمی و دەستووریی لەساڵی (2005) هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاكان ئەنجامدرا. لەم ساڵە بەدواوە رێژەی كورسیەكانی پەرلەمانی كوردستان لە (105) كورسیەوە كرایە (111) كورسی. لەم هەڵبژاردنەدا (13) سێزدە لیستی جیاواز و چەند هاوپەیمانیەتیەك بەشداربوون و تەنها سێ لیست گەیشتنە پەرلە مان[2](بڕوانە، ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی كوردستان، بڕوانە عبدالله، 2017، ل415).

لەبەر ئەوەی سیستمی سیاسی هەرێمی كوردستان لەسەرەتای گەشەسەندنی بوو وە لەناو دەستوورێكی تایبەت و سەربەخۆ بۆ هەرێم رێكنەخرابوو، بۆیە هیچ كام لەكاتەكانی هەڵبژاردنی پەرلە مان لەكاتی خۆیاندا ئەنجامنەدراون[3]. بۆیە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە 2009/7/25 ئەنجامدرا (بڕوانە عبدالله، 2017، ل417). لێرە بەدواوە پەرلەمانی كوردستان چووە قۆناغێكی تری سیاسی ئەویش دروستبوونی دیاردەی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بوو. ئۆپۆزسیونی سیاسی پەرلەمانی لەهەرێمی كورستان بەفەرمی لەساڵی 2009 دا دروست بوو. لەدوو رەوتی سەرەكی پێك هاتبوو. یەكەمیان رەوتی عەلمانی بوو كە بزوتنەوەی گۆڕان دایمەزراند. دووەم، رەوتێكی

[2] لیستی نیشتیمانی كوردستان (104) كورسی بەدەستهێنا و لیستی كۆمەڵی ئیسلامی توانی (6) كورسی بەدەستبێنێت و لیستی حزبی زەحمەتكێشانیش تەنها (1) كورسی بردەوە ( بڕوانە عبدالله، 2017، ل415).

[3] هەلبژردنی خولی یەكەم لە (1992/5/19)، هەڵبژاردنی خولی دووەم لە (2005/12/30)، هەڵبژاردنی خولی سێیەم لە (2009/7/25)، هەلبژاردنی خولی چوارەم لە (2013/9/21) و هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرەمانی كوردستان لە (2018/9/30) ئەنجام درا.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیسلامی بوو کە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان پێکهاتبوو (بڕوانە سادق، 2014، ل111).

خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی 30ی سێپتەمبەری ساڵی 2013 هاتەکایەوەو خولی پێنجەمیش لەهەمان بەروار (30ی سێپتەمبەری 2018) دەستی بەکارەکانی کردو تاوەکو کاتی نوسینی ئەم تێزە ئەم خولەی پەرلەمان لەکاردایە.

بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی بەر لەئێمە ئەنجامدراون بۆ مەبەستی زانینی متمانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەپەرلەمان، دەردەکەوێت کە ئاستی متمانە بەپەرلەمان کەمە. لەتوێژینەوەیەکی مەیدانی لەهەرێمی کوردستان پرسیاری ئەوە کراوە کە متمانەت بەکام لەمانەی خوارەوە هەیە؟ متمانە بەپەرلەمان تەنها (7%) بووە (بڕوانە باخەوان، 2013، ل53). لەهەمان توێژینەوە تەنها (20%)ی بە شداربووان متمانەیان بەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەیە لەهەرێمی کوردستان (بڕوانە باخەوان، 2013، ل28). بەهەمان شێوە لەتوێژینەوەکانی تری مەیدانی متمانەی سیاسی بە پەرلەمان نزمە. بۆ نموونە لەڕاپرسی کۆمپانیای بارۆمەتر لەساڵی 2011 دا تەنها 30%ی بەشداربووان متمانەیان بەپەرلەمان هەبووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە پەرلەمان لەبارودۆخێکی باش دابوو هەروەها خاوەن ئۆپۆزسیونێکی چالاکیش بوو. لەئاماری ڕاپرسی سێیەم (کە پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان ئەنجامی داوە لەساڵی 2012) ئەو ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ 29% و لە کۆتایی ساڵی دواتر (2013) تەنها 30%ی هاوڵاتیان متمانەیان بەپەرلەمان هەبووە (بڕوانە خلیل، محمد و جوزل، 2017، ل160). لەهەمان ساڵدا لەتوێژینەوەیەکی تری زانستی تەنها ڕێژەی (34%)ی بەشدابوان لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێم پێیان وابووە پەرلەمان فاکتەرێکی یارمەتیدەر بووە بۆ دروستبوونی متمانەی سیاسی هاوڵاتیان بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان (بڕوانە صالح، 2013، ص169-170). جیاوازیەکی گەورە دەبینرێت لەنێوان داتاکانی ئەم توێژینەوە مەیدانیانەی سەرەوە، بۆیە تاکاتی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی تێزەکە ناتوانین بڕیار لەسەر هیچ کام لەم ژمارانەی سەرەوە بدەین بۆ متمانە بەپەرلەمانی کوردستان.

## بەشی دووەم

## پێوانەی متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی یەکەم/ میتۆدۆلۆژیاو ڕێکارەکانی مەیدانی توێژینەوەکە

### یەکەم/ میتۆدو جۆری توێژینەوەکە

**1- میتۆدی تێکەڵاو (Mix Method)**

میتۆدی تێکەڵاو کاریگەری گەورەی هەیە لەتێگەیشتی کێشەی توێژینەوەکە لەڕێگەی ئەم تێکەڵییە میتۆدییە ( See Kara, 2018, P. 173, See McNall, Doberneck, and Egeren, 2012, P. 262). واتە میتۆدی تێکەڵاو دەتوانێ شیکاری بکات بۆ دەرئەنجامەکان کە بەهۆی داتاکانەوە هاتونەتەدەست، ئەمە جگە لەوەی لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە دەتوانرێت پێشبینیە چاوەڕواننەکراوەکانیش شرۆڤە بکرێت بۆ لێکدانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ( Klingner, J., and Boardman, 2011, P. 209).

بەبڕوای لایەنگرانی میتۆدی تێکەڵاو، کاتێك توێژەر پشت ببەستێ بەچەند میتۆدێکی جیاواز بۆ دەستکەوتنی زانیاری، ئەوە بێگومان دەرهاوێشتەکانی ئەم توێژینەوەیە مایەی متمانەی زیاتر دەبن (See McNall, Doberneck, and Egeren,, 2012, P. 262). عباس تەشەکوری و جۆن کریسوێڵ پێناسەی دەکەن بە میتۆدێك کە لەتوێژینەوەیەکدا هەردوو ڕێبازی چەندێتی و چۆنیەتی تێکەڵ دەکات بۆ نیشاندانی ڕووی راستەقینەی کێشەکە و شیکار کردنی ( See McBride, and Mazur, 2010, P. 36). بەبڕوای کریسویڵ، پراکماتیزمەکان (pragmatism) دەرگایەکی نوێیان کردەوە بۆ تێکەڵی میتۆدی، تێکەڵی روانگە جیاوازەکانی جیهان، گریمانە جیاوازەکان و فۆڕمی هەمە جۆری داتا کۆکردنەوە لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە (See McBride, and Mazur, 2010, Pp. 36-37) کە ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ئێمە رەخساندووە تاوەکو لەهەرسێ بواری تیوری، چەندێتی و چۆنیەتی پەردە هەڵماڵین لەسەر ناسینی متمانەی سیاسی و پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستان، دۆزینەوەی هۆکارەکانی لاوازبوون یان بێ متمانەیی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

بەبڕوای کریسویڵ و پلانۆ کلارك (Creswell and Plano Clark) شەش ڕێگا هەیە لەناو میتۆدی تێکەڵاو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی. لەناویاندا ئێمە ڕێگای یەکەم و پێنجەممان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان، چونکە ڕێگای یەکەم کە ناسراوە بە داڕشتنی یەکگرتوو

مجلة قەلاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(Convergent Design) داتاکانی چەندێتی و چۆنیەتی لەئیستادا کۆدەکاتەوە و هەریەکە بەجیا شیکردنەوەیان بۆ دەکات و دواتر دەرئەنجامی هەردووکیان تێکەڵ دەکرێت ( See Klingner, J., and Boardman, 2011, P. 210, See Hora and Anderson, 2012, P. 577). گرنگی میکانزمی پێنجەم لەوەدایە کە لایەنی تیوریش فەراهەم ناکات. لە (دارشتنی راگوزەری یان گواستراوەیی (Transformative Design)، توێژەر توێژینەوەکە لە روانگە تیوریەکان شرۆڤە دەکات و دواتر هەردوو زانیاری چەندێتی و چۆنیەتی لەیەك کات کۆدەکاتەوە و بەشێوەی زنجیرەیی و یەك لەدوای یەك (Consecutive) ئەم سێ لایەنە (تیوری، چەندێتی (پرسیارنامە) و چۆنیەتی (چاوپێکەوتن) دادەنێت (See Klingner, J., and Boardman, 2011, P. 210).

### 2- میتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی (Social Survey Method)

لەرێگەی ئەم میتۆدەوە دەتوانین نموونەی جیاجیا لەشوێنی جیاواز و بیروباوەڕی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردستانی وەربگرین. بەبڕوای هۆتینی (Hodini) روپێوو "هەوڵدانێکی رێکخراوە بۆ شیکردنەوە و رامان و تۆماری بارودۆخی ئیستای سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك یان رێکخرا و هەرێمێك. هەروەها روپێوو جەخت دەکاتە سەر چینەکان لەکاتی ئیستە کە ئامانج لێی بریتیە لە دەرخستنی چەند داتاو زانیاریەك و گشتاندنیان بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ جێبەجێکردنی رێکاری زانستی لەداهاتوویەکی نزیك (صالح، 2013، ص137). بەهۆی ئەوەی توێژەران ناتوانن تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەربگرن، پەنا دەبەنە بەر ئەم رێگا زانستیە و میتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی لەرێگەی نموونە (Social Survey Method Sample) بەکاردێنن ( بڕوانە صالح، 2010، ل16). ئەم توێژینەوەیە هەمان شێوازی زانستی بەکاردێنێت و هەوڵیداوە نموونەیەکی زانستی وەربگرێت و دواتر گشتاندن بکات بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان.

### 3- خوێندنەوەی بار (Case Study)

ئێمە تەنها متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان وەردەگرین. واتە توێژینەوەکەی ئێمە دەچێتە چوارچێوەی خوێندنەوەی بار (دراسة حالة). خوێندنەوەی بار بەچەندین شێوە بەکاردێت لە زانستە جیاوازەکان و دەشێ بەهەردوو دیوی چەندێتی و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت ( See

Jensen, J., and Rodgers, 2001, P. 237). لەزانستی سیاسەت لێكۆڵینەوە دەكات لەیەكێك لەیەكە سیاسیەكان یاخود یەكەكانی سیاسی كۆمەڵایەتی وەكو (كەسایەتیەكان، كۆمەڵەكان، بنەماڵەكان، دیاردەكان، رووداوەكان، سیستمەكان و ...هتد)(See Jameel, 2017, P. 56). بەبڕوای د. عادل ثابت، خوێندنەوەی بار یەكێكە لەفراوانترین ئاراستەكانی شیكردنەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە سیستمی سیاسی بەتایبەت لەكاتێكدا توێژەر پەنابباتەبەر شیكردنەوە لەرێگەی بەكارهێنانی میكانیزمەكانی مەیدانی وەكو هۆكارێك بۆ گەیشتن بە زانیاری دەربارەی سیستمەكە (بڕوانە ثابت، 2007، ص13-22).

له فەرهەنگی كۆمەڵناسیدا بەمشێوەیە ناسێنراوە (Jameel, 2017, P. 56): "تاقیكردنەوە و پشكنینی تەنها یەك یەكە لەپۆلێكی دیاردەكە، لەكاتێكدا ناكرێت زانیاری تەواو لەبارەی تەواوی پۆڵەكە وەربگیرێت" . بەمانایەكی تر، خوێندنەوەی بار میتۆدێكە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر بارێك (حالة) یان هەندێك بار (الحالات) لەمیانی تاقیكردنەوەی ئەزموونی دیاردەیەكی واقیعی لەرێڕەو سروشتی خۆی (Kaarbo and Beasley, 1999, P. 372). لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو میتۆدانەی لەسەرەوە باسمان كردن دەخرێنە خزمەتی خوێندنەوەی باری متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی كوردستان.

## دووەم/ میكانیزمەكانی كۆكردنەوەی زانیاری

### 1- پرسیارنامە (Questionnaire)

پرسیارنامە فۆرمێكە كە چەندین پرسیاری تایبەت و گشتی سەبارەت بە بابەتەكە لەخۆگرتووە . ئەم فۆڕمە ئامرازێكە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر كۆمەڵگەی توێژینەوەكە كە لەرێگەی ئەلیكترۆنی یان رووبەڕوو بەدەست دەدرێت بەلێتوێژەرەكان بۆ زانینی بیروڕایان سەبارەت بەو پرسەی توێژەر مەبەستیەتی بۆ چارەسەركردنی كێشەی توێژینەوەكە (بڕوانە صالح، 2013، ص137-138).

بۆ پێوانەكردنی متمانەی سیاسی بە پەرلەمانی كوردستان، پێوەرێكی رێكخراومان داناوە كە بەسەر دوو لایەنی گشتی و تایبەتی دابەش كراوە. سەرەتا (8) هەشت پرسیاری گشتیمان كردووە لەبارەی رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، باری كۆمەڵایەتی، كارو پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون و جۆری موڵكەكە و باری ئابووری. ئەم زانیاریانە تەنها بۆ ناساندنی جۆر یان شێوە و بارودۆخی یەكەكانی نموونەكەمان نیە، بەڵكو پێویستیەكی زۆرمان هەبوو بە بەستنەوەی هەریەك لەو فاكتەرانەی سەرەوە

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە بابەتی توێژینەوەکەمان. سەبارەت بە پرسیارە تایبەتیەکانی تێزەکە لەلایەنی مەیدانی (8) هەشت پرسیارمان کرد (بڕوانەی خشتەی 1.2)

وەڵامەکان داخراون، چونکە هەروەك دیریك لایدەر دەڵێ ئەستەمە بتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی گەورەی توێژینەوە بگەین بەوەڵامێکی یەکگرتوو و لێکچوو یان رازیکار بەهۆی فۆڕمی کراوە بۆ وەڵامەکان، لەبەر ئەوە ئەم شارەزایە پێی باشە پەنا ببرێتەبەر وەڵامی داخراوی پوخت و زانستی (بڕوانە عزیز، 2011، ل129). لەسەر ئەو بنەمایە، لێتوێژەر پێنج بژاردەی لەبەردەم بوو لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بۆ وەڵامەکانی بەم شێوەیە (زۆر لەگەڵیدام، تاڕادەیەك لەگەڵیدام، نەلەگەڵیدام و نە لەگەڵیدا نیم، لەگەڵیدا نیم، زۆر لەگەڵیدا نیم). ئەمەش لەسەر ئەو بنەما زانستیانەی کە توێژەرە رۆژئاواییەکان لەتوێژینەوەکانیان دەربارەی متمانەی سیاسی بە پەرلەمان یان یەکەکانی سیستمی سیاسی پشتیان پێ بەستووە ( See Blasius and Thiessen, 2001, Hetherington and Globetti, 2002, and Hetherington, 1998).

لەلایەکی ترەوە بۆ پێدانی بەها بە وەڵامە ئەرێنیەکان بەم شێوەیە بووە: (5-4-3-2-1) و بەپێچەوانەشەوە (1-2-3-4-5) بۆ وەڵامە نەرێنیەکان لەسەر بنەمای رێسا زانستیەکان (بڕوانە احمد، 2011، ل255، المحمداوی، 2007، ص85-113، العکایشي، 2012، ص24-26).

کەواتە پێدانی کێش (وزن) بۆ متمانە لێرەدا پێچەوانە دەبێتەوە هەرچەندی لە پلەی سێ (3)[4] کە ناوەندی گریمانەیی ئێمەیە بۆ هەر بڕگەیەك بەرەو خوارەوە بڕوات هێزی متمانە بە دەستگا یان کەس و لایەنەکە کەمە و لاوازە. هەرچەندیش بڕوات بۆ سەرووی ئەم پلەیە (3) واتە متمانە بەرزە بەگوێرەی رێکارەکانی ئاماری زانستی.[5]

[4] بەدوو رێگا ناوەندی گریمانەیمان بۆ بڕگەکان دیاری کردووە:
١-ناوەندی گریمانەکراو = نزمترین نمرە (1) + بەرزترین نمرە (5)= 6÷2= 3.
1+2+3+4+5= 15، دواتر کۆی گشتی بڕگەکان دابەشی ژمارەی بڕگەکان دەکەینەوە واتە 15÷ 5= 3.

کەواتە ناوەندی گریمانەیی ئێمە بۆ تەنها یەك بڕگە یان تەوەرەکان یەکسانە بە (3).

[5] لە نێوان هێزی (1 -1.80) کاریگەری یان هێزی زۆر کەمی هەیە واتە تەواو لاوازە. لە نێوان (1.81 -2.60) بەواتای ئەوە دێت کە تاڕادەیەك لاوازە یان هێزی کەمە. نێوانی (2.61 -3.40) هەرچەند بە مامناوەند دادەنرێت، بەڵام کەمی و زیادی پەیوەستە بەشۆڕبوونەوەی بەهەر لایەکدا. نێوانی (3.41 -4.20) ئەمە ئاماژەیە بە بەرزی پلەی متمانە تاڕادەیەك نەك بەتەواوی. سەرووی ئەم هێزە بۆ خاڵی کۆتایی (4.21 -5) ئەوەمان پێدەڵێت کە متمانە لەلوتکەیە (بڕوانە امیمن و السامرائي، 2001).

لەدوای دارشتنی پرسیارەکان بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان، توێژەر هەردوو میکانیزمی راستێتی و جێگیری بۆ پرسیارنامەکەی بەکارهێناوە.

بۆ مەبەستی راستیەتی و گونجاوی پرسیارەکان، توێژەر لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ لە بەشی زانستە سیاسیەکان، بەشی کۆمەڵناسی، بەشی یاسا و بەشی ئامار راوێژی کردووە بۆ دڵنیابوونەوە لە گونجاوی پرسیارەکان و شێوازی بڵاوکردنەوەو کۆکردنەوەی پرسیارنامەکان، بەتاڵکردنەوەی زانیاریەکان، شیکردنەوە و رێکارەکانی تری مەیدانی توێژینەوەکە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لەناو جۆرەکانی پێوانەکردنی راستێتی، راستیەتی ناوەڕۆکی (Content Validity) هەڵبژاردووە و لەناو ئەم جۆرەشدا راستێتی رواڵەتی بەکارهێناوە کە ئاماژەیە بۆ ئامادەکردنی پرسیارنامەکە لەلایەن خودی توێژەرەوە بەو مانایەی توێژەر پێی وایە ئەم زانیاریانەی لێرەوە بەدەست دێن دەبنە سەنگی مەحەك بۆ یەکلایکردنەوەی بابەتەکەی (بڕوانە ساڵح، 2010، ل24). بۆ ئەم مەبەستە وەکو لەسەرەوە باسمان کردووە توێژەر پرسیارنامەکەی بردە لای پسپۆڕان[6] بۆ هەڵسەنگاندنی شیاو بوون یان نەشیاوی پرسیارەکان. لەئەنجامی پێداچوونەوە بە بیروڕای ئەم پسپۆڕانە، هەندێك پرسیارمان لابردوو هەندێکی تری نوێ زیاد کران و بەشێکیانیش لەڕووی مانا و رێزمانی و دەربڕینەوە گۆڕانیان بەسەردا هات. ئەنجامی راستێتی بریتی بوو لە(97.64%).

توێژەر وەك دەستپێکێکی ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی بواری مەیدانی چەند نموونەیەك وەردەگرێت و دواتر بەتاڵیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە ئاشنا بێت بەئاستەنگەکان وپێوانەکردنی جێگیری بڕگەکانی. ئەم کارە لە بواری زانستی بەچەند جۆرێك ئەنجام دەدرێت. لەم توێژینەوەیە رێگای دابەش بوونی نیوەیی بۆ پێوانەی جێگیری (Split – Half Reliability) بەکارهاتووە (بڕوانە عزیز، 2011، ل130، بڕوانە صالح، 2010، ل25). لێرەدا توێژەر دوای ئەوەی (12) پرسیارنامەی دابەش کرد لەناو شاری هەولێر بەشێوەی هەڕەمەکی لەیەك کاتی دیاریکراودا، دواتر بەسەر دوو گروپ دابەشی کردن (پرسیارە تاکەکان و پرسیارە جوتەکان). ئینجا لەڕێگە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری سبیرمان براون هەردوو گروپەکە ژمێردران و جێگیری ئامراز دەرهێنرا کە بریتیبوو لە (0.887 ) کە بێگومان ئەمەش رادەیەکی بەرزی جێگیریە بۆ توێژینەوەکە.

**2- چاوپێکەوتنی کراوە (Open Interview)**

[6]پ. د. صباح أحمد محمد نجار، پ. د. رزگار قادر محمد، پ. د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی، پ.ی. د. ئازاد عثمان صالح، پ. ی. د. سەردار قادر محی الدین، د. موراد حکیم، د. عمر حمد امین نورەدینی و د. عبدالحکیم خسرو جوزل.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی میتۆدی هەڵبژێردراوی تێزەکەمان ( میتۆدی تێکەڵاو)، پێویست بوو کە پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی کراوە لەسەر هەمان پرسیارەکانی تر بێت، بەڵام بەکورتی و پوختی. بەجیاوازیەکی کەم لەگەڵ پرسیارنامەکە، ئێمە پرسیاری تێرو تەسەلەمان ئاراستەی نوخبەی هەرێمی کوردستان کرد لەبارەی متمانە بەپەرلەمان لەرووی ئەدای پەرلەمانتارەکان، ئەو یاسایانەی دەریکردون و پەرلەمان بەگشتی.

**(3-5) کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە**

**(1-3-5) دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمە هەرێمی کوردستانە بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان و مەزهەبیەکان. قەزاکانی ناوەندی شارەکانی هەرێمی کوردستان و قەزاکانی دوور لەم قەزایانە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، رانیە، سۆران، ئاکرێ و کەلار) وەرگیراون. ئەگەرچی تاوەکو ئێستە سە رژمێری گشتی لەعێراق و هەرێمی کوردستان نەکراون، بەڵام بۆ ئەوەی نموونەیەکی راست و دروست وەربگرین و هاوسەنگی هەبێت، سەردانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانمان کرد و دواین داتای دەنگدەرانی سەرووی هەژدە ساڵی هەر یەك لەو هەشت قەزایەمان جیاکردەوە و بەسەر رێژەی نموونەکەمان دابەش کرد وەکو لەخشتەی (1.2) دیار کراوە[7].

خشتەی (1.2) دابەشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و چۆنیەتی وەرگرتنی نموونەکە بەگوێرەی قەزاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان (18ساڵ بەسەرەوە) | ناوی قەزا | ژمارەی دانیشتوانی قەزا (18 ساڵ بەسەرەوە) | رێژەی سەدی | قەبارەی نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1109072 | قەزای ناوەند | 353856 | %25 | 100 |
| | | قەزای سۆران | 84698 | %6 | 24 |

[7] سەردانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان، رێکەوتی 30ی ئۆکتۆبەری 2018 لەهەولێر. ئەم ژمارانە فەرمین و لەتۆماری دەنگدەران هەن بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018ی عێراق و هەرێمی کوردستان.


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 1196980 | قەزای ناوەند | 558364 | %39.25 | 157 |
| | | قەزای رانیە | 93624 | %6.50 | 26 |
| | | قەزای کەلار | 50948 | %3.50 | 14 |
| دهۆك | 711218 | قەزای ناوەند | 202055 | %14.25 | 57 |
| | | قەزای ئاکرێ | 37997 | %2.75 | 11 |
| هەڵەبجە | 68191 | قەزای ناوەند | 33370 | %2.75 | 11 |
| کۆی گشتی | 3085461 | 8 | 1414912 | %100 | 400 |

بەپێی پێوەری زانستی ئاماری بۆ لێکۆڵینەوەکان لە کۆمەڵگەیەکەی سەرووی یەك ملیۆنی کە نابێت لە (384) نموونە کەمتر بێت (بڕوانە النجار، النجار و الزوعبی، 2008، ص88)، ئەگەر بۆ قەبارەی نموونەی دەستنیشانکراوی ئێمە (400) چوار سەد یەکە وەربگرین ئەوا بۆ هەر (3537) سێ هەزار و سێ سەد و سی و پێنج کەسێکی سەروو هەژدە ساڵی پرسیارنامەیەکمان دابەش کردووە بەپێی ئەو هاوکێشە ئاماریەی خوارەوە:

ڕێژەی دانیشتوانی سەروو هەژدە ساڵی هەر هەشت قەزاکەی نموونەکەمان بریتیە لە (1414912) ملیونێك و چوارسەد و چواردە هەزار و نۆسەد و دوازدە کەس و ڕێژەی فۆڕمەکان کە (400) چوار سەد نموونەیە بەپێی ئەم ئامارە دەکاتە: $\frac{1414912}{400} = 3537$

وێنەی (1.2)[8] نموونەی وەرگیراو لەناوەندی پارێزگاو قەزاکانی هەرێمی کوردستان



مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**(2-3-5) جۆری نموونەکە**

گرنگی وەرگرتنی نموونەی تێزەکە لەوەدایە کە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانرێت دواتر ئەنجامەکان بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. لێرەدا بۆ وەرگرتنی نموونە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان کەکۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانە، پشت دەبەستین بە جۆری نموونەی هێشوویی هەڕەمەکی (العينة العشوائية العنقودية Cluster Random Sample) و لەناو نموونەی هێشووییەکەش نموونەی فرە قۆناخ (Multistage Sampling)مان بەکارهێناوە ( See Harrison, 2009, P. 3). لێرەدا لیستی هەموو گروپەکان و شوێنەکان وەردەگیرێ و بەشێوەی هەڕەمەکی گروپەکانی نموونەکە هەڵدەبژێردرێت (See Ahmed, 2009, P. 3) ئەمەش لەگەڵ مەبەستی ئێمە یەك دەگرێتەوە. واتە ئەم میتۆدە بۆ نموونەی فراوان بەکاردێت و ئێمەش هەرێمی کوردستانمان دابەشی چوار پارێزگا کرد و دواتر لەگەڵ هەر پارێزگایەك بەگوێرەی دووری جیۆگرافی قەزایەکی گەورەمان وەرگرت. دوای ئەوەی لیستی گەڕەکەکانی هەر دەڤەرێکی بۆی دەچووین دیاریمان دەکرد، ئینجا بەشێوەی تیروپشك گەڕەکەکان هەڵبژێردران، چونکە وەکو لەمیتۆدەکەدا هاتووە کە هێشویی هەڕەمەکیە. دواتر لەبەر نەبوونی لیستی کۆڵان، ماڵ و کەسەکان و ئەستەمی ئەم کارە، ئێمە بەشێوەی هەڕەمەکی دەچینە چەند کۆڵانێك و چەند ماڵێك لە گەڕەکەکە، لەوێدا تەنها یەك کەس لەماڵەکە.

**چوارەم/ سنووری توێژینەوەکە**

**1- سنووری شوێن**

سنووری یاسایی هەرێمی کوردستان سنووری توێژینەوەکەمانە. کەبریتیە لەهەر چوار پارێزگایەکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە). دواتر لەسەر بنەمای ئاماری دانیشتوان تاڕادەیەك بەهاوسەنگی فۆڕمەکان بەسەر هەرچوار پارێزگای توێژینەوەکەمان دابەش بوون ئەمەش گرنگی خۆی هەبوو لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە مەبەستی بوو هاوسەنگیەك رابگرێت لەنێوان شارەکانی پێشتر لەژێر سەرپەرشتی ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون.

**2- سنووری کات**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی مەیدانی توێژینەوەکە لە بڵاوکردنەوەی فۆرمەکانی پرسیارنامەکان بۆ خەڵکی ئاسایی لە 2018/10/31 دەستی پێکرد هەتاوەکو 2018/12/7 بۆهەموو قەزاکان و چاوپێکەوتنە تایبەتەکان لە 2018/12/2 دەستی پێکرد هەتاوەکو 2019/1/20.

## پێنجەم/ میکانیزمی ئاماری

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی ئیستا لەبواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام دەدرێن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی پرۆگرامی پاکێجی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتەکان (SPSS ). لەم توێژینەوەیەدا بۆ خستەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان، سوود لەم پرۆگرامە ئاماریەی (SPSS ) وەرگیراوە، تیایدا بەتایبەت هەر یەکە لە ئامرازە ئامارییەکانی:

1 - دووبارەبووەکان (تكرارت) و رێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی (Mean ) و لادانی پێوەریی . (Std. Deviation)
2 - هاوکۆلەکەی پەیوەستی ئەلفا (ئەلفاکرونباخ -Cronbach’s Alpha ) بۆ مەبەستی دۆزینەوەی جێگیری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری.
3 - تاقیکردنەوەی ( T- Test ) تیایدا تاقیکردنەوەی (One sample T. test) بۆ یەك نمونە بە مەبەستی پێوانەکردنی متمانەی سیاسی، تاقیکردنەوەی (Independent sample T. test ) بۆ دوو نموونەی قەبارە جیاواز بۆ دیارییکردنی جیاوازیی نێوان بەهای ناوەندی ژمێرەیی دوو نمونەی قەبارە جیاواز.
4 - شیکاری جیاکاری ئەنۆڤا (one- way Anova ) بۆ دیاریکردنی جیاوازی نێوان بەهای ناوەندی ژمێرەیی ئەو گروپ یا گۆڕاوانەی بۆ سێ بەش یان زیاتر دابەش دەبن.
5 - تاقیکردنەوەی پەیوەستی سبیرمان براون ( Spearman Brawn) بەمەبەستی دۆزینەوەی بەهای جێگیریی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی .

## باسی دووەم/ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی

### یەکەم/ تایبەتمەندیە گشتیەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتا پێویستە زانیاریە تایبەتیەکانی بەدەستهاتوون وەکو تایبەتمەندی لێتوێژەران و کێڵگەی توێژینەوەکە لەرووی مەیدانی بخرێنەڕوو تاوەکو زانیاری وورد لەبەردەست بن سەبارەت بە چەندێتی و چۆنیەتی بەشداربوانی نموونەکە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە. هەوڵدراوە بەکورتی ئاماژە بە هەریەك لەم گۆڕاوانە بدرێت دواتر ببەسترێنەوە بەبابەتی توێژینەوەکە.

**1- گۆڕاوی ڕەگەز**

هەرچەند هەوڵماندا ڕێژەی ڕەگەزی نێر و مێ بەهاوسەنگی وەربگرین، بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ کەمێك زیاتر دەرچوو لەبەرئەوەی نموونەی ئێمە ماڵەکان بوون و کەمتر پیاوان لەماڵ بوون بەهۆی کارکردنیان لەدەرەوەی ماڵ(بڕوانە وێنەی 2.2). بۆیە (53%)ی پێکهاتەی توێژینەوەکە لەرەگەزی مێ و (47%)ی بەشداربووان لەرەگەزی نێرن.

وێنەی (2.2) پێکهاتەی رەگەزەکانی نموونەکە





**2- گۆڕاوی تەمەن**

بۆ ئەوەی وەڵامێکی لۆژیکیانەمان دەست بکەوێت، هەموو پرسیارنامەکانمان بەسەر لێتوێژەرانی سەروو تەمەنی(18) ساڵ دابەش کرد، چونکە لەلایەك تەمەنی یاساییە و لەلایەکی ترەوە ئەم تەمەنە پێگەیشتووە و دەتوانێت بیروڕای خۆی سەبارەت بە یەکە سیاسیەکان بخاتەڕوو. هەرچەند بۆ لێتوێژەر پۆلێنی تەمەنەکان نەکراو هەریەکەو تەمەنی خۆی نوسی، بەڵام دواتر تەمەنەکانمان دابەشی سەر سێ ئاست کرد[9] (بڕوانە وێنەی 3.2). زۆرینەی بەشداربووان کە بریتی بوون لە(54%) چینی گەنجان بوون و دوای ئەمانیش ڕێژەی کامڵبوان 35% بوو، هەروەها(11%)ی وەڵامدەرەوەکان چینی پیران بوون.

[9] لەرێگەی سەردانی کردن بۆ بەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی سەلاحەدین و چاوپێکەوتنی مامۆستایانی ئەم بەشە گەیشتینە ئەنجامێك کە دابەشی تەمەنەکان بەم شێوەیە بێت:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





### 3- ئاستی خوێندن

تـەنها (6%)ی لێتـوێژەران کەسـانی نەخوێنـدەواربوون[10]، سـەرووی(94%)ی بەشـداربووانی نموونەکە کەسانی خوێندەوار بوون (بڕوانە وێنەی 4.2). بەشدارییپێکردنی کەسانی نەخوێندەوار بۆ ئەو مەبەستە بوو کە ئەمانیش وەکو هاوڵاتیەکەی ئەم وڵاتە مافی دەربڕینی بیروڕای تایبەتی خۆیـان هەیـە و ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەستگاکانی حکومەت دەبنـەوە، بـەڵام لەبـەر بـارودۆخی تایبـەتیان نـەیانتوانیوە بخـوێنن، هــەروەها ڕێژەیــەکی دیــاریکراوی کۆمەڵگــەی کوردســتان پێکــدەهێنن. بــەرزترین ڕێــژەی بەشداربووان خاوەن بڕوانامەی دبلۆم بـوون واتـە(27%)یـان پەیمانگـەیان تـەواو کـردووە. هـەڵگرانی بڕوانامـەی بـەکالۆریوس و بڕوانامـەی ئامادەیی هاوسـەنگ بـوو کـە بـۆ هەریەکـەیان (17%)ە. گروپـی ئامادەییــەکان زۆربــەیان قوتــابی زانکــۆ بــوون. بەهــەمان شــێوە بەشــداربووانی ماســتەر و دکتــۆرا هەریەکەو(1%)ی نموونەکە پێکدەهێنن. بەشداربووان بەرێژەی (18%)ی ناوەنـدی و(13%)ی خـاوەن بڕوانامـەی سـەرەتایی بەشـداری وەڵامـەکانیان کـردووە. دواتـر ئێمـە بـۆ ئاسـانکاری بەسـتنەوەی ئـەم

[10] ئەمانـە جگـە لـەوەی وەکـو کەسـانی تـر تێدەگەیـەنران چـۆن هێڵـەکان پڕدەکرێنـەوە، لەلایـەن تـوێژەرو هـاوەڵانی پرسـیارەکانیان بـۆ دەخوێندرایەوە یان هەندێك جار بەدەگمەن کەسێکی نزیکی خۆی پرسیارەکانی بۆ دەخوێندەوە و ئەویش بیروڕای خۆی دەگوت و بەوشـێوەی مەبەسـتی بـوو هێـڵ بـە بژاردەکـانی پرسـیارنامەکەدا دەهێنـرا. ئەمـە بەهـەمان شـێوە بـۆ ئـەو کەسـانەی لەئاسـتی سەرەتایی یان خوێندەواری و تێگەیشتنی لاوازیان هەبوو.


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕاوانە بەهەر یەك لەتەوەرەكانی متمانە و دەرخستنی جیاوازیان، ئەمانەمان دابەشی سەر سێ ئاست كرد[11].




## 4- باری كۆمەڵایەتی


هەرچەند نموونەكەی ئێمە هەرەمەكی بوو، بەڵام(77%)ی لێتوێژەران خێزانداربوون كە ئەمەش گرنگی تایبەتی بۆ تێزەكەی ئێمە هەیە لەبەر ئەوەی ئەم چینە زیاتر رووبەرووی یەكەكانی خزمەتگوزاریەكان دەبێتەوە (بڕوانە وێنەی 5.2). ڕێژەی ئەوانەی بەپرۆسەی هاوسەرگیری تێپەڕ بوون و دواتر جیابوونەتەوە تەنها(2%)بوو. هەروەها(21%)ی ئەندامان چینی سەڵت بوون.




[11] ئاستی سەرەتایی (نەخوێندەوار و سەرەتایی)، ئاستی ناوەندی (ناوەندی و ئامادەیی)، ئاستی سەرەوە (دبلۆم، بەكالوریوس، ماستەر، دكتۆرا) (بڕوانە محمد، 2011، ل59-60).


### 5- کارو پیشەی لێتوێژەران

هەشت ئاستی جیاوازی کارکردنمان خستە بەردەستی بەشداربووان(بڕوانە وێنەی 6.2). بەرزترین ڕێژە (32%) بریتی بوو لە ئافرەتانی ماڵ کەزۆربەیان خوێندەوار بوون. فەرمانبەرانی مەدەنی حکومی (21%)و فەرمانبەری سەربازی فەرمی تەنها(4%) بوون. ئەوانەی لەکەرتی تایبەت کاردەکەن ڕێژەکەیان تەنها (2%)ە. خاوەن کارانی تایبەت (20%)ی لێتوێژەران بوون کە بریتیبوون لەدوکانداران یان کارەکانی تری تایبەتی هەمەچەشن. کریکاران(7%)و بێ کاران (11%)ن. خانەنشینان تەنها (3%)ی بەشداربوانن.





### 6- شوێنی دانیشتنی ئیستە

زیاتر لە سێ ملیۆنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەنا شارەکانن و لەوێشدا بەهۆی ئامارەکانی تەمەنی سەروو (18)ساڵی، بەرکەوتەی زیاتری توێژینەوەکە خەڵکی قەزای ناوەندی شارەکان بوون کە بریتی بوون لە (81%). هەروەها (19%)ی بەشداربووانی دانیشتوی قەزایە گەورەکانی دەرەوەی ناوەندی شاربوون (بڕوانە وێنەی 7.2).




**7- خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێ بوون**


ڕێژەی (74%)ی ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە خانوو یان ئەپاڕتمانەکەیان موڵکی تایبەتی خۆیانن و( 18%)یان کرێچی بوون (بڕوانە وێنەی 8.2). ئەوانەی لەخانووی حکومی بوون تەنها (2%)بوون. خەڵکێك بەهۆکاری جیاجیا لەخانووی ماڵی باوکی یان کەسی نزیك لەخۆی بەشداربوو کە ڕێژەکەیان تەنها (6%)بوو.




**8- باری ئابووری بەشداربووان**

هەموو ئاستەکانی ئابووری بەشداربوون. زیاتر لەنیوەی بەشداربووان باری ئابووریان مام ناوەند بوو. تەنها (2%)یان خۆیان وەکو باری ئابووری زۆرباش ناساند، لەبەرامبەردا (6%)یان بەئابووری زۆر خراپ. ڕێژەی(25%)بەخاوەن ئابووری خراپ و(10%)یان بەئابووریەکی باش خۆیان تۆمار کرد (بڕوانە وینەی 9.2).

مجلة قەڵاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**دووەم/ پێوانی متمانەی سیاسی بە پەرلەمانی کوردستان**

پەرلەمانی کوردستان وەکو دەستگایەکی فەرمی سیستمی سیاسی لـەوڵات یـەکێك لەتـەوەرە سەرەکیەکانی ئەم تێزەیە. لێرەدا چەندین رێگامان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی متمانەی هاوڵاتیان بـەم دامـەزراوە گرنگـە. سـەرەتا بەبـەکارهێنانی هاوکێشـەی تـائی بـۆ یـەك نموونـە (One-Sample T-Test) کێشی متمانەی هەر یەك لەبڕگەکانی ئەم تەوەرە بەمشێوەی خوارەوە بوو(خشتەی 2.2):

خشتەی (2.2) متمانەی خەڵك بە پەرلەمانی کوردستان نیشان دەدات

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (T)ی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| 1 | زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خەڵکی بەتواناو لێهاتوونین. | 2.27 | 1.336 | 3 | - 10.964 | 1.64 | .000 |
| 2 | پەرلەمانی کوردستان لە چاودێری کردنی حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاوازە. | 1.77 | 1.204 | 3 | - 20.424 | 1.64 | .000 |
| 3 | ئۆپۆزسیۆنی کارا و تەندروست لەپەرلەمان نیە. | 1.93 | 1.283 | 3 | - 16.636 | 1.64 | .000 |
| 4 | ئەندامانی پەرلەمان لە رێگەی نوسینگەکانی پەرلەمان لەشوێنە جیاجیاکانەوە هەوڵی | 2.71 | 1.556 | 3 | - 3.696 | 1.64 | .000 |

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چارەسەری کێشەکانی هاوڵاتیان دەدەن. | | | | | | |
| 5 | پەرلەمانتاران بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە نەك كۆمەڵگە. | 1.76 | 1.171 | 3 | - 21.214 | 1.64 | .000 |
| 6 | پەرلەمانتاران بەرژەوەندی حزبەکان بەپێش بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەخەن. | 1.57 | 1.159 | 3 | - 24.635 | 1.64 | .000 |
| 7 | پەرلەمان لەپرسە نەتەوەییەکان رۆڵی کاریگەری هەبووە. | 2.82 | 1.515 | 3 | - 2.409 | 1.64 | .016 |
| 8 | پەرلەمان بەپێی بەرژەوەندی و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە یاسا دەرناکات. | 1.93 | 1.259 | 3 | - 17.003 | 1.64 | .000 |
| بەهای ( t)ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (399) ئاستی گومانی (0.05) = (1.64) | | | | | | | |

## 1- متمانەی خەڵك بە ئەندامانی پەرلەمان


هاوڵاتیان متمانەیەکی لاوازیان بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەیە. وەکو لەخشتەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، سەبارەت بە متمانە بەتواناو لێهاتوویی خەڵك بەپەرلەمانتاران، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی دەرکەوتووە کە ناوەندی سەنگراو بریتیە لە (2.27) بەلادانی پێوەری(1.336)و بەهای تی(10.964 -)کە بچووکترە لەبەهای خشتەیی(1.64)و ئاستی بەڵگەداری (.000) ئەوەمان پێدەڵێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی سەنگکرا و ناوەندی گریمانەیی ئێمە کە (3)یە، جیاوازیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی گریمانەیی، چونکە گەورەترە لەناوەندی سەنگراو، وەکو لەبەشی پێشوو (میتۆدۆلۆژیا) ئاماژەماندا کە هەرکات بەهای سەنگکراو بچووکتر بوو لەبەهای گریمانەیمان ئەوە متمانە لاوازە هەرچەند بەرەو خوارەوە بڕوات لاوازتر دەبێت و بەپێچەوانەشەوە راستە. بەو مانایە خەڵك متمانەی کەمە بەئەداو توانا و لێهاتووی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

بەگشتی نزیکەی(70%)ی خەڵك پێیان وایە کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان کەسانی بەتواناو لێهاتوونین بۆیە متمانە بەم دەستگایە ناکەن (بڕوانە وێنەی10.2). لەهەمان وێنە دەردەکەوێت کە تەنها(20%)ی خەڵك متمانەی بەتواناکانی پەرلەمانتارانی کوردستان هەیە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم بێ ئیرادەبوونە و زاڵبوونی پارتەکان بەسەر ئەدای ئەندام پەرلەمانەکان دیاردەیەکی نوێ نیە و رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی ئەم دامەزراوەیە. چەند ساڵێك پێش ئێمە پرسیارێکی هاوشێوە بۆ تێزك کراوە و خەڵك بەرێژەی(78%)پێیان وابووە پەرلەمانتارانی کوردستان خاوەن ئەدایەکی لاوازن (بڕوانە عەزیز، 2011، ل168).


وێنەی (10.2) زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خەڵکی بەتواناو لێهاتوونین




زیاتر لەرێژەی سەرەوە، خەڵك زۆر بەکەمی متمانەی هەیە کە ئەندامی پەرلەمان بیر لەبەرژەوەندی ئەو بکەنەوە، بۆیە تەنها کێشی(1.76)یان بەم برگەیە داوە کە ئەمە لەو پلە بەندیەی لەبەشی میتۆدۆلۆژیا کردمان بۆ متمانە دەچێتە ئاستی زۆر لاوازی متمانەی سیاسی (بڕوانە خشتەی 2.2). واتە رێژەیەکی زۆر بەرزی بەشداربووان کە زیاتر لە(80%)دەبێت وادەڕواننە پەرلەمانتارانی کوردستان تەنها بیر لەبەرژەوەند خۆیان دەکەنەوە نەوەکو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان (بڕوانە وێنەی 11.2). ئەمەش مەترسیدارە بۆ بابەتی متمانەکردنی خەڵك بەدەستگایەکی راستەوخۆی هەڵبژێردراوی خەڵك کە پەرلەمانە. لێرەدا تەنها(4%)ی هاوڵاتیان بەتەواوی بۆچوونەکەیان رەتکردۆتەوە و پشتگیری پەرلەمانتارانیان کردووە کە لەپێناوی خزمەتی گشتی کار دەکەن.


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی (11.2) پەرلەمانتاران بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە نەك کۆمەڵگە




لەلایەکی ترەوە، جگە لەپێشخستنی بەرژەوەندییەکانی کەسی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، (87%)ی هاوڵاتیان پێکەوە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پەرلەمانتاران بەرژەوەندی پارتەکەیان بەپێش بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دەخەن (بڕوانە وێنەی 12.2). وەکو وێنەی پێشوو، ڕێژەیەکی زۆرکەمی بەشدابوون کە نزیکەی(5%)ە، بەتەواوی ئەم بۆچوونەیان ڕەتکردۆتەوە. لێرەدا بەهای سەنگکراو بەرێژەی(1.57)نزمترین ئاستی متمانەی تۆمارکردووە لەم تەوەرەو تەواوی بڕگەکانی تایبەتی (هەر 52 بڕگە) (بڕوانە خشتەی 2.2).

وێنەی (12.2) پەرلەمانتاران بەرژەوەندی حزبەکان بەپێش بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەخەن





سەبارەت بە سیاسەتی تەکنۆکراتی پەرلەمان لەکردنەوەی نووسینگەکانی پەرلەمان لەشار و دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستان بۆ لەنزیکەوە ئاگادابوون لەکێشەو گرفتەکانی خەڵك و گەیاندی گلەیی و گازندەکان و داواکاری گشتی خەڵك بەپەرلەمانی کوردستان لەپایتەخت، خەڵك ئومێدێکی ئەوتۆیان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم نوسینگانەش نیەو پێیان وایە ئەمە خزمەتی بەپرۆسەکە نەکردووە، بۆیە کێشی ئەم برگەیە بریتیە لە (2.71) کە بچووکترە لەناوەندی گریمانەیمان (بروانە خشتەی 2.2) واتە نزیکەی نیوەی بەشداربووان متمانەیان بەم کارەی پەرلەمان نیە (بروانە وێنەی 13.2). لەبەرامبەردا(36%)ی هاوڵاتیان رازین لەکارەکانی ئەم نوسینگانەوە و بەشێوەیەکی ئەرێنی لێیان دەڕوانن.

وێنەی (13.2) ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێگەی نوسینگەکانی پەرلەمان لەشوێنە جیاجیاکانەوە هەوڵی چارسەری کێشەکانی هاوڵاتیان دەدەن




بەشێك لەو ڕێژەی (12%)ی نەلەگەڵیدابوون و نەلەگەڵیدانەبوون بریتی بوون لەوانەی کە لەناوەندی شاری هەولێرن و ڕاستەوخۆ دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانتاران و دەستگاکانی ناو پەرلەمان ببەستن بۆیە بیروراکانیان سەبارەت بەم پرسیارە بێلایەنانە بوو.

**2- متمانە بەرۆڵی یاسادانان و چاودێری پەرلەمان**

پەرلەمان وەکو دامەزراوەیەکی داڕشتن و دەرکردن و چاودێری یاساکان نەبۆتە جێگەی متمانەی زۆربەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەروەکو هەڵوێستی پێشوویان سەبارەت بە ئەدای پەرلەمانتاران، نزیکەی ($\frac{3}{4}$)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان رایان وایە کە پەرلەمان بەگوێرەی گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم سەردەمە و بەپێی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە یاساکانی دەرنەکردووە (بروانە وێنەی 14.2) . تەنها (15%)ی خەڵك لەم رووەوە متمانەی بەپەرلەمانی کوردستان هەیە.

لێرەدا بەهای ناوەندی سەنگکراوی (1.93)و لادانی پێوەری (1.259)و بەهای تی بەرێژەی ( - 17.003) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەمرەوە متمانە نەگەیشتۆتە ئاستی گریمانەکرا و بەم دامەزراوەیە (بروانە خشتەی 2.2).


مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩


رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی (14.2) پەرلەمان بەپێی بەرژەوەندی و گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگە یاسا دەرناکات




لەلایەکی ترەوە، ڕێژەیەکی زۆر کەمی هاوڵاتیان بڕوایان بەتوانای چاودێریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر دەسەڵاتی جێ بەجێکردن هەیە، وەکو لەخشتەی (2.2) دیارە بەهای سەنگراوی ئەم بڕگەیە تەنها (1.77)کە زۆر بچووکترە لەناوەندی گریمانەیی (3). بەهەمان هەڵوێست بۆ پرسیاری پێشوو، خەڵك پێیان وانیە کە پەرلەمان ڕۆڵێکی ئەرێنی و سەرکەوتووی هەبێت لەئەرکی سەرەکی دووەمی کە چاودێری دامەزراوەکانی حکومەت لەلێپرسینەوە و وەرگرتنەوەی متمانە لەبەرپرسانی گەندەڵکار و سەرپێچکار لەناو دامەزراوەکانی فەرمی لەوڵات، لەبەر ئەوەش تەنها (13%)ی هاوڵاتیان تارادەیەك و بەتەواوی پشتگیری ئەوەیان کردووە کە پەرلەمان بەم کارەی هەستاوە (بڕوانە وێنەی 15.2)، کەچی لەبەرامبەردا ڕێژەیەکی یەکجار زۆری هاوڵاتیان کە نزیکەی (80%) دەبێت لەم ڕووەوە متمانەیان بە پەرلەمانی کوردستان نەکردووە و پێیان وانیە سەرکەوتوو بوبێت لەچاودێری کارەکانی حکومەت.

وێنەی (15.2) پەرلەمانی کوردستان لە چاودێری کردنی حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاوازە




مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3- متمانە بە ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی کوردستان

سەرەڕای بوونی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی هەمەجۆر لـە دوو خـولی رابـردوو و خـولی ئێسـتەی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ناوەنـدی سـەنگراوی ئـەم بڕگەیـە تـەنها (1.93)ە کـەبچووکترە لەناوەنـدی گریمانەیی لەخشتەی (2.2)، بۆیە نزیکەی سێ لەسـەر چـواری بەشـداربووانی نموونەکـە واتـە (75%) یان رایان وانەبوو کە ئـەم ئۆپۆزسـیۆنە کـارا و تەندروسـت بێـت (بڕوانـە وێنـەی 16.2). تـەنها (7%)ی هاوڵاتیان متمانەیان بەکاراو چالاکابوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمان هەیـە. ئەمـەش هاوتایـە لەگەڵ دابەزینی متمانەی هاوڵاتیان بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان لـە هەڵبژاردنـەکان بـۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە لـەوادەی ئەنجامـدانی لایـەنی مەیـدانی تێزەکەمانـەوە نزیـك بوو.

وێنەی (15.6) ئۆپۆزسیۆنی کارا و تەندروست لەپەرلەمان نیە




### 4- متمانە بەرۆڵی پەرلەمان لەپرسە نەتەوەییەکان

ڕێژەی ئاماژەداری ئاماری نابینرێت بۆ متمانەی خەڵك بە کۆشش و هـەوڵی پەرلـەمان لـە دۆزە نەتەوەییـەکان، چونکـە ناوەنـدی سـەنگراوی (2.82) بەهاکـەی کـەمترە لەناوەنـدی گریمانـەیی بڕگەکـە (بڕوانـە خشـتەی 2.2). لەگـەڵ ئەوەشـدا، بەرێژەیـەکی کـەم جیـاوازی دەبینرێـت لـەنێوان هاوڵاتیـان سەبارەت بە ئەدای پەرلەمان و رۆڵی ئەم دەستگایە لەپرسە نەتەوەییەکان لەهەرێمی کوردستان لەبەر ئـەوەی رێـژەی (42%) یـان پێیـان وایـە پەرلـەمان رۆڵێکـی باشـی گێـڕاوە و(44%)ی بەشـداربووان

**مجلة قەڵای زانست العلمية**


مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێچەوانەوە دەڕواننە ئەم ئەدایەو متمانەیان نیە کە پەرلەمان لەپرسە نەتەوەییەکان کاریگەربوبێ (بڕوانە وێنەی 17.2).

وێنەی (17.2) پەرلەمان لەپرسە نەتەوەییەکان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە




### سێیەم/ جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی سەربەخۆ لە متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان

وەکو لەخشتەی (3.2) دەردەکەوێت کە جیاوازی نیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ سەبارەت بە تێڕوانینیان یان متمانەیان بە پەرلەمانی کوردستان. بەهەمان شێوە، جیاوازی ئاماری ئاماژەدار نیە لەنێوان یەکەکانی نموونەکەمان بەپێی جیاوازی تەمەنەکان و هەروەها ئاستی جیاوازی داهات و باری ئابووری خەڵك، لەبەر ئەوەی بەهای (P. Value) لەم سێ گۆڕاوەدا گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆیە لێرەدا گریمانەی سفری وەردەگرن لەبارەی متمانەی سیاسی بەجیاوازی ڕەگەز، تەمەن و ئاستی ئابووری بۆ پەرلەمانتاران و پەرلەمان بەگشتی.

لێرەدا تەنها جیاوازی لەنێوان ئاستەکانی خوێندن هەیە سەبارەت بەم تەوەرە. هەروەك دەبینین لەخشتەی (3.2) دا کە ئاستی بەڵگەداری (P. Value) نزمترە لە بەهای (0.05) و بەهای دەرهێنراوی (F) گەورەترە لەبەهای خشتەیی (3.01)، کەواتە جیاوازی هەیە. لەڕێگەی ئامرازی ئاماری (Tukey) لە (One Way ANOVA: Post Hoc Multiple Comparisons) دەزانرێت کە ئاستی ناوەندی و ئاستی سەرەوەی خوێندن جیاوازن لەگەڵ یەکتر بەڕێژەی (.232)، بەو مانایەی کە ئاستی سەرەوە بەناوەندی سەنگکراوی (1.99) کەمترە لەناوەندی سەنگراوی ئاستی ناوەندی بەکێشی (2.22) بۆیە ئاستی سەرەوە متمانەی سیاسی بەپەرلەمان کەمترە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (3.2 ) جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی سەربەخۆ لە متمانەی سیاسی بەپەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو

| متمانە بەپەرلەمان | | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئەزموونی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 188 | 2.046 | .715 | T = - 1.292 |
| | مێ | 212 | 2.138 | .698 | P = 0.473 |
| تەمەن | گەنج | 217 | 2.156 | .699 | F = 1.779 |
| | کاماڵ | 141 | 2.023 | .706 | P = .170 |
| | پیر | 42 | 2.020 | .736 | |
| ئاستی خوێندن | ئاستی سەرەتایی | 77 | 2.095 | .712 | F = 4.366 |
| | ئاستی ناوەندی | 138 | 2.228 | .756 | P = .013 |
| | ئاستی سەرەوە | 185 | 1.995 | .651 | |
| باری ئابووری | خراپ | 62 | 1.994 | .703 | F = .803 |
| | مامناوەند | 229 | 2.122 | .712 | P = .449 |
| | باش | 109 | 2.095 | .699 | |

بەهەمان شێوەی خەڵکی ئاسایی، پەرلەمانی کوردستان نەبۆتە جێگەی متمانەی نوخبەی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەمەش چەندین فاکتەری جیاوازیان خستەڕوو.

**یەکەم:** پێیان وایە پەرلەمانی لەخولی یەکەم باشتر بوو. پ. د. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین و د. محمد بازیانی رایان وابوو کە پەرلەمان لەخولی یەکەم زیاتر جێگەی متمانەی خەڵك بوو،

ئیستە متمانە بەم دەستگایە لاوازبووە. عەلائەددین ئەمەی بەچەند هۆکارێك بەستەوە. *"سەرەتا چاوەڕوانی بۆ یاسای تازە و باش زیاتر بووە لەجاران و پەرلەمان نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ئەم خێراییەی پێشکەوتن بگونجێنێ* (لێرەدا عەبدولسەلام مەدەنیش جەختی لەسەر ئەم گرفتە کردەوە) *دواتر، پارتەکان وایانکردووە کە بایەخی ئەوتۆ بەم دەستگایە نەدرێت و لەلایەکی ترەوە، لەبەر ململانێی هەڵبژاردن و یەکبازنەیی و مسۆگەری بردنەوە، پەنایان بردۆتەبەر هەندێك گەنجی پۆپۆلیستی کەم ئەزموون، ئەوانەش باش رانەهێنراون، بۆیە شکستی هێناوە لە دروستکردنی متمانەی خەڵك و دەسەڵات".*

**دووەم**: فاکتەرێکی تری گرنگ کە نوخبە جەختی لەسەر دەکردەوە، یاساکان هەن و تاڕادەیەك شیاون، بەڵام کێشە لەجێ بەجێ نەکردنی یاساکانە. هەریەك لە د. محمود عوسمان، د. عادل باخەوان، د. محمد بازیانی، عەبدولسەلام مەدەنی و ئەبوبەکر کاروانی ئەمەیان بەیەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی ئەم دەستگایە دیاری کرد کە بۆتە هۆکاری کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی. باخەوان پێی وابوو کە *"یاسای زۆر جوان لەعێراق و هەرێم هەن، بەڵام لەلایەك ئەوانەی خۆیان دروستیان کردووە هەر خۆیان کەمتەرخەمی بەرامبەر دەکەن و پێشێلی دەکەن، لەلایەکی تریش زەمینەیەکی لەباری دیمۆکراسی و کۆمەڵایەتی نیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە".*

**سێیەم**، پەرلەمان نەیتوانیوە چاودێریەکی باش بکات بەسەر دەستگا جێبەجێکاریەکان. عەبدولڕەحمان سەدیق، ئەبو بەکر کاروانی، بەدران حەبیب و د. محمد بازیانی پێیان وایە کە ئەمە وەکو یەکێك لەکارە سەرەکیەکان ئەدا نەکراوە لەلایەن پەرلەمان و بەدرێژایی هەشت کابینە نەیتوانیوە متمانە لە کابینەیەك یان وەزیرێك وەربگرێتەوە سەرەڕای ئەو هەموو سەرپێچیە.

**چوارەم**: کەسایەتی یەکەمی پارتە سیاسیەکان ناچنە پەرلەمانەوە. د. محمود عوسمان پێی وایە *"لە وڵاتان سەرۆك پارتەکان لەوێن بۆیە پەرلەمان بەهێزە، لێرە سەرکردەکان ناچنە ئەم دەستگایەوە".* عەبدولڕەحمان سەدیقیش هەمان دیدی هەبوو.

**پێنجەم**: نوخبە پێی وایە دەستگایەکی بێ سوودە. لەروانگەی د. محمود عوسمان، بەدران حەبیب و عەبدولسەلام مەدەنیەوە، هەبوون و نەبوونی پەرلەمان وەکو یەکە، چونکە مەدەنی پێی وابوو کە *"لەوڵاتێکی بەرخۆری نەوتی کە پارتی سیاسی تێیدا بەهێزە هەموو شت لەدەرەوەی*

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*پەرلەمان لەلایەن پارتەکان ئامادە دەکرێت و دواتر بۆ شەرعاندنی دەیبەنە پەرلەمان*". د. محمودیش هەمان بۆچوونی هەبوو بۆیە بەنیگەرانیەوە گوتی " *هیچ متمانەم بە پەرلەمان نیە، هەبێ و نەبێ وەکو یەکە. تەنها دامەزراوەیەکی راوێژکارییە و بڕیار هەر لەدەرەوەیە*".

**شەشەم**: پەرلەمان بەتەواوی لەخزمەتی بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکانە. بازیانی، مەدەنی و مسعود عەبدولخالق رایان وابوو کە کاریگەری پارتە سیاسیەکان بەشێوەیەکە کە پەرلەمان بەتەنها دەستگایەك ئەژماردەکرێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی پارتەکان نەك خەڵك بەگشتی.

**دەرهاوێشتەکانی توێژینەوەکە**

خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرێژەیەکی زۆر کەم متمانەی سیاسیان بە پەرلەمانی کوردستان هەیە. لەکاتێکدا ئەم دامەزراوەیە هەڵبژێردراوی راستەوخۆی خەڵکە و نوێنەرایەتی زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەکات هەروەها یاساکان بۆ چۆنیەتی جموجۆڵی حوکمداریەتی دەردەکات بۆیە بەناوەندێکی هەستیاری سیستمی سیاسی دادەنرێت، بەڵام لەرۆژی دوای هەڵبژاردنەوە ئەم پەرلەمانتارانە دەبنە داکۆکیکاری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و پارتەکەیان نەوەکو کۆمەڵگە بەگشتی ئەمەش وایکردووە کە لەهەرێمی کوردستان ئەم دەستگایە تەنها جێگەی متمانەی (27.37%)ی هاوڵاتیان بێت. واتە نزیکەی ( $\frac{3}{4}$ )ی خەڵك متمانەی بەم دامەزراوەیە نیە. ئامارەکانی راپرسیەکەمان پێمان دەڵێن پارتی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و تەندروست نەبووە لەپەرلەمان و پارتەکانی سیاسی تەنها بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون نەوەکو کۆمەڵگە، بۆیە بەگشتی هەژموونی بەهێزی پارتە سیاسیەکان لەسەر پەرلەمان و لاوازی ئەدای پەرلەمانتارەکان بەهۆی کۆتوبەندی بەهێزی پارتەکەیان لەسەری لەلایەك و بێ هێزی دامەزراوەکە لەدەرکردنی یاسای نوێ و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە و بێ توانایی لەچاودێری دەسەڵاتەکانی تر لەلایەکی تر گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە وایکردووە خەڵك متمانەی لاوازی بە پەرلەمانی کوردستان هەبێت.

**پێشنیارو راسپاردەکانی توێژینەوەکە**

ئەگەرچی پەرلەمانتارەکان لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە نێردراون، بەڵام دەبێ ئەو کۆتوبەندە بەهێزەی پارتەکانیان لەسەر کەمبکرێتەوە تاوەکو ئەداکانیان لەخزمەت بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەدا

بێت. پێویستە پارتە سیاسیەکان خەڵکی بەتواناو لێهاتوو بنێرنە پەرلەمان تاوەکو بتوانن لە پەرلەمان یاسای پێویست دەربکەن کە لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێ و چارەسەری کێشەکانی هاوڵاتیان بکات.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە پەرلەمان ببێتە خاوەن دەسەڵاتی راستەقینەی خۆی لەچاودێری کرداری کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بۆ هێنانەکایەوەی دادپەروەری. چاودێری توند لەسەر میدیا دابنرێت و رێگری بکرێت لەهەواڵی ساختە و ناوزڕاندن و یەکتر شکاندن، چونکە گەورەترین هەڕەشەن لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی بە پەرلەمانی کوردستان. میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەئازادانە کاربکەن و لەژێر هەژموونی پارتە سیاسیەکان دەربهێنرێن و بەهەماهەنگی کەناڵە فەرمیەکان کاربکەن بۆ هۆشیاری سیاسی بەرزو بچووکردنەوەی قەبارەی بێ متمانەیی و بەهێزکردنەوەی پەیوەندی نێوان خەڵك لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردیەکان:

أ- <u>فەرهەنگ</u>

هەژار. (1950). متمانە. لە:: *فەرهەنگی کوردی – فارسی هەنبانە بۆرینە*. تهران: چاپخانەی سروش.

ب- <u>کتێبەکان</u>

باخەوان، عادل. (2013).*کۆمەڵگەی رەش*. سلێمانی: چاپخانەی کاردۆ.

بینگۆ، ئۆفێرا. (2013).*کوردی عێراق: بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا*. و. سۆران مستەفا کوردی. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

عبدالله، خامۆش عمر. (2017). *مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەژێر رۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا*. هەولێر: چاپخانەی زانکۆ.

عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیز. (2013). *نیشتیمانسازی و سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان*. هەولێر چاپخانەی ئاراس.

گالبریت، پیتەر. (2009). *کۆتایی عێراق: چۆن نەشارەزایی ئەمریکا شەڕێکی بێ کۆتایی لەعێراق هێنایە ئارا*. هەولێر. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی. ژ. 51. چاپخانەی هاوسەر.

**ت- چاپتەر لەکتێب**

سادق، یوسف محمد. (2014). ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی دیموکراسی لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە: محمد، یوسف.، محمد، دەرباز.، عزیز، سەردار.، حمه کریم، ئاکۆ.، علی، محمد. و محمد، هەڵمەت. کوردستان و عێراق: ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی. سلێمانی: چاپخانەی کاردۆ.

**چ- نامە و تێزەکان**

صالح، هەردی زیاد. (2010). *کێشە کۆمەڵایەتیەکانی لاوان*. نامەی ماستەر (بڵاونەکراوەتەوە). کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

عزیز، لەیلا ئەمیرعاس. (2011). *نوێبوونەوەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان*. تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوەتەوە) بەشی کۆمەڵناسی. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

محمد، مراد حکیم. (2011). *ڕەوشی بەهاکان لەعێراق لەژێر ڕۆشنایی تیوری ڕۆناڵد ئنگلهارت*. تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوەتەوە). کۆلێژی ئەدەبیات. بەشی کۆمەڵناسی. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

**د- توێژینەوەی گۆڤارە زانستیەکان**

خلیل، هیوا مجید.، محمد، مراد حکیم. و جوزل، عبدالحکیم خسرۆ. (2018). متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١١-٢٠١٣، *مجلة جامعة التنمية البشرية*. 2 (3).

**هـ - دەستور و یاساکان**

دەستووری هەمیشەیی عێراق، 2005. ماددەی 121.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای ژماره (1)ی ساڵی 1992 بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان، ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان http://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/010315072126.pdf (ڕێکەوتی سەردانی 15ی سێپتەمبەری 2018).

و- <u>چاوپێکەوتنەکان</u>

چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی 30ی ئۆکتۆبەری 2018 لەهەولێر.

چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی نانەوازادە، خاوەنی کتێبی فەرهەنگی ریشەی وشەی کوردیی. ڕێکەوتی 25ی دیسەمبەری 2018.

چاوپێکەوتن لەگەڵ سەروەر عەلی، توێژەر لەبواری ئایناسی و ئیسلامناسی، ڕێکەوتی 28ی دیسەمبەری 2018.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان:**

أ- <u>کتێبەکان</u>

النجار، فيز جمعه.، النجار، د. نبيل جمعه. و الزوعبى، د. ماجد راضى. (2008). *أساليب البحث العلمي: منظور تطبيقي*. عمان: دار الجامد للنشر و التوزيع.

اميمن، عثمان علي و السامرائي، بدرية علي. (2001). *الاختبار النفسي اسسة و معالجة الإحصائية*. ليبيا: مطبع عصر الجماهير الخمس.

ثابت، د. عادل. (2007). *النظم السياسية*. الإسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

ب- <u>نامەو تێزەکان</u>

احمد-أ، فؤاد على. (2011). *دور وسائل الاعلام في تفصيل المشاركة السياسية ي إقليم كوردستان العراق*. أطروحة دكتورا (غير منشورة). كلية العلوم الإنسانية. جامعة السليمانية.

صالح، ميران محمد. (2013). *طبيعة العلاقة بين المواطن و السلطة السياسية في المجتمع الكوردستاني (1991-2008). دراسة ميدانية في إقليم كوردستان-العراق*. رسالة ماستير (منشورة). كلية الاداب. جامعة الصلاح الدين- أربيل.

المحمداوي، حسن أبراهيم حسن. (2007). *العلاقة بين الاغتراب والتوافق النفسي للجالية العراقية في السويد*. أطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية الاداب والتربية بالاكاديمية العربية المفتوحة بالدنمارك.

ت- **توێژینەوە زانستیەکان**

العكايشي، بشرى أحمد جاسم. (2012). *الصحة النفسية وعلاقتها بالذكاء الأنفعالي لدى الشابات الجامعيات في كلية التربية للبنات- قسم التربية و علم النفس*. كلية التربية للبنات. جامعة بغداد. http://arab-acrao.org/ar/researchs/res_27/11.pdf ( ڕێکەوتی سەردانی 10ی جەنیوەری 2019).

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

**أ- فەرهەنگ:**

Trust. (n.d.). In: Merriam Webster Dictionary. [online] Available at: http://www.merriam-webster.com/dictionary/reference [Accessed 24 Mar. 2018].

**ب- کتێبەکان:**

Stansfield, G. (2003). Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy. London and New York: Routledge Curzon.

Uslaner, E. (2002). *The Moral Foundations of Trust*. Cambridge: Cambridge University Press.

**ت- چاپتەر لەکتێب**

McBride, D., and Mazur A. (2010). Concepts and Mixed Methods. In: *The Politics of State Feminism*. Temple University Press.

McNall, M., Doberneck, D., and Egeren, L. (2010). Mixed Methods in Collaborative Inquiry. In: Fitzgerald, H., Burack, S., and Seifer, S. (2010). ed., *Handbook of Engaged Scholarship.* Michigan State University Press.

ج- توێژینەوەی زانستی لەکۆنفڕانس و میتینگەکان

Newton, K. (2001a). Social Trust and Political Disaffection: Social Capital and Democracy. In: *EURESCO Conference on Social Capital: Interdisciplinary Perspectives*: Exeter. The University of Southampton. Available at : http://citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/download?doi=10.1.1.452.8901&rep=rep1&type=pdf [Accessed 2nd March 2018].

Newton, K. and Norris, P. (2000). Confidence in public institutions: faith, culture, *or* performance? *In: Annual Meeting of the American Political Science Association*. Atlanta: John F. Kennedy School of Government, Harvard University. Available at: https://sites.hks.harvard.edu/fs/pnorris/Acrobat/NEWTON.PDF [Accessed 12th March 2018].

Khodyakov, D. (2007). Trust as a Process: A Three-Dimensional Approach. *Sociology*, [online] Volume 41(1). Available at: https://pdfs.semanticscholar.org/c9b3/af467647cea62440beb64e81d3717ed15f2f.pdf [Accessed: 22nd February 2018].

د- نامە و تێزەکان

Arancibia, C. (2008). *Political Trust in Latin America*. PhD Dissertation. University of Michigan.

Jameel, H. (2017) *A case Study of Political Corruption in Conflict Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq (2003-2013)*. PhD Dissertation. University of Leicester.

Mundy, E. (2007). Public Trust in Government: An Examination of Citizens Trust Differentials in Public Administrators and other Government Officials at

the Federal, State and Local Levels. PhD Dissertation. University of Akron.

## هـ- توێژینەوەی گۆڤارە زانستیەکان

Blasius, J. and Thiessen, V. (2001). Methodological Artifacts in Measures of Political Efficacy and Trust: A Multiple Correspondence Analysis. *Political Analysis*, [online] Volume 9 (1). Available at: http://www.jstor.org/stable/25791627 [Accessed: 22nd February 2018].

Hetherington, J. Marc (1998). The Political Relevance of Political Trust. The *American Political Science Review*, [online] Volume 92(4). Available at: http://links.jstor.org/sici?sici=00030554%28199812%2992%3A4%3C791%3ATPROPT%3E2.0.CO%3B2-Q [Accessed: 13th March. 2018].

Hetherington, M. and Globetti, S. (2002). Political Trust and Racial Policy *Preferences*. *American Journal of Political Science*, [online] Volume 46(2). Available at: http://www.jstor.org/stable/3088375 [Accessed: 22nd February 2018].

Jensen, J., and Rodgers, R. (2001). Cumulating the Intellectual Gold of Case Study Research. *Public Administration Review*, [online] Volume 61(2). Available at: https://*www*.jstor.org/stable/977456

[Accessed: 9th September 2018].

Kaarbo, J. and Beasley, R. (1999). A Practical Guide to the Comparative Case Study Method in Political Psychology. Political Psychology, [online] Volume 20(2). Available at: https://www.jstor.org/stable/3792081 [Accessed: 9th September 2018].

Kara, N. (2018). Understanding University Students’ Thoughts and Practices about Digital Citizenship A Mixed Methods Study. *Journal of Educational Technology & Society,* [online] Volume 21(1). Available at: www.jstor.org/stable/26273878 [Accessed: 29th August 2018].

Klingner, J. and Boardman, A. (2011). Addressing the "Research Gap" in Special Education Through Mixed Methods. *Learning Disability Quarterly,* [online] Volume 34(3). Available at: https://www.jstor.org/stable/23053308 [Accessed: 29th August 2018].

Levi, M., and Stoker, L. (2000). Political Trust and Trustworthiness. *Annual Reviews of Political Science*, [online] Volume 3(No Number). Available at: www.anuualreviews.org [Accessed: 30th March 2018].

Mclaren, L. (2010). The Culture Divide in Europe: Migration, Multiculturalism, and Political Trust. *World Politics,* [online] Volume 64(2). Available at: http://www.jstor.org/stable/41428380 [Accessed: 22nd February 2018].

Mizrachi, N., Anspach, R. and Drori, I. (2007). Repertories of Trust: The Practice of Trust in a Multinational Organization Amid Political Conflict *American Sociological Review*, [online] Volume 72(1). Available at: http://www.jstor.org/stable/25472451 [Accessed: 22nd February 2018].

Newton, K. (2001b). Trust, Social Capital, Civil Society, and Democracy. *International Political Science Review*, [online] Volume 22(2). Available at: http://www.lead.colmex.mx/docs/s4/02_sociedad%20civil%20y%20ONG/NEWTON_trust%20social%20capital%20civil%20society.pdf [Accessed 10th February 2018].

Secor, A. and O'Loughlin, J. (2005). Social and Political Trust in Istanbul and Moscow: A Comparative Analysis of Individual and Neighborhood Effects. *Transactions of the Institute of British Geographers, New Series,* [online] Volume 30 (1). Available at: http://www.jstor.org/stable/3804530 [Accessed: 22nd February 2018].

**و- توێژینەوەی زانکۆ و دامەزراوەکان**

Teitt, T. (2002). *Political Trust and Promise Keeping in the United States 1977-2000*. [*pdf*] Virginia: Roanoke College. Available at:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

https://www.roanoke.edu/Documents/Fowler/AmberTeittPoliticalTrustandPromiseKeepingintheUnitedStates19.pdf [Accessed 20th March. 2018].

**ملخص**

لأن النظام السياسي عملية وطيدة و منسقة بين السلطة والمواطنين، اذاّ ثقة المواطنيين بوحدات هذا النظام لها أهمية رئيسية. السلطة في اقليم كردستان/ العراق مرت بأكثر من ربع قرن، ووفقا للرأي المختصيين وألأكادميين في مجال الثقة السياسية، يمكن أن يقيم الثقة السياسية لكل الوحدات النظام السياسي في الاقليم. من الواضح ان اقليم كردستان العراق مر بالأحداث والتغيرات السياسية الكبيرة، وكل هذه ألأحداث والتغيرات أثرت على تخفيض مستوى الثقة السياسية عند الناس بمجلس النواب (برلمان كوردستان)، وهذا موضع اهتمام البحث.

عرض هذا البحث مباشرة ضمن اطار الفصلين، كلا من المتغييرات البحث، ففي فصل الأول يتحدث كلا من المفهوميين الرئيسيين للبحث، أما في الفصل الثاني بعد عرض الطرق واجراءآت الميدانية، قام بشرح النتائج الميدانية وبعد ذلك أختلطت هذه النتائج بمقابلات أشخاص النخبوية في مجالاتهم واختصاصاتهم مع عرض نتائج العامة والنهائية واقتراحات والتوصيات.

النتائج تكشف وتوضح الحقيقة بأن المواطنين اقليم كوردستان بنسبة قليلة جدا تؤمن وتثق ببرلمانهم، ولأن النواب منذ أولى أيام مباشرتهم أو عملهم في البرلمان، يبدؤون بالدفاع عن مصالحهم الشخصية والحزبية، ولا على مصالح مجتمعهم عموما. نتائج الأصطلاحات الرأي في اقليم كوردستان تظهر بأن المعارضة الصحيحة لم تكن موجودة في البرلمان، بل على العكس نفوذ وقوة ألأحزاب السياسية على البرلمان وضعف أداء النواب لكونهم تحت أوامر أحزابهم وضعف مؤسسة برلمان في صدور قوانين الجدد وعدم كفائتها وقدراتها للرقابة على السلطات ألأخرى، من العوامل الرئيسية التي أدت الى ضعف ثقة المواطنيين بهذه المؤسسة.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هذا البحث المتواضع يقترح للمراحل القادمة أن يعمل من أجل اعادة بناء الثقة السياسية، والحكومة تهتم بهذه القضية، مع اجراء المؤتمرات والندوات العلمية لايجاد خلل وعوامل ضعف هذه القضية ورفع مستواها. على النواب أن يضعوا مصالح مجتمعهم قبل مصالحهم، وعليهم أن يراقبوا بجد على الاعلام، ويضع حدا ويمنعوا وسائل الاعلام كافة من التشهير ونشر اخبار غير صحيحة ومزورة، لأنها من التهديدات الحقيقية على انخفاض مستوى ونسبة الثقة السياسية عند المواطنين.


## Abstract

As political system is cooperation process between people and authority, thus citizen's trust in system units is significant. Governance in Kurdistan Region -Iraq has passed a quarter of century. According to scholars, after this period, political trust could be measured in each unit of political system. Some political accidents through this era have been effect on declining of political trust in Kurdistan Parliament.

The Research analyzed those two variables in first chapter. In the second chapter, except of showing method and statistical mechanisms, it focuses on the analyze field data and interviews. After all, discussion on the conclusions and suggestions of the research outcomes.

Outcomes show that Kurdistan people have a little trust in parliament. Day after elections, instead of society interests, members of parliament are going to gotten their political party and his interests. Statistical data and interview outcomes say that there is no opposition political parties in parliament and the hegemony of political parties on parliament in one hand and unable of parliament in observing government in other hand are become people have little trust in parliament.

The research is suggested to reconstruction of political trust from beginning of s oc i al i z a t i on process. On the other hand, government has to concern measurement of political trust and add yearly conference to find reasons of political trust decline and how rise up. In the same time, members of parliament should work to public interests. It needs of close observation on

the media and ending up the disinformation and offensiveness because it has big challenge on political trust.